## ئەگەر بە (بەڵێ) ریفۆراندۆم تێپەڕێنرا

# تورکیا دەبێتە ئەوروپایی

**عەبدوڵڵا حەوێز خۆشناو**
ئیستەنبووڵ

پرسی دەستوری لە هیچ وڵاتێکی دونیا هێندەی تورکیا حەساسیەتی نییە، ئەوەی دەستوری تورکیا لە دەستوری زۆربەی وڵاتانی تری دونیا جیادەکاتەوە ئەوەیە کە دەستوری ئەو وڵاتە لەدوای کودەتایەکی سەربازی لەلایەن بەرپرسە گەورەکانی سوپاوە نووسراوەتەوە و لەلایەن زۆرێك لە دامەزراوە سیکۆلارەکانی ئەو وڵاتەوە بە موقەدەس و پارێزەری سیکۆلاریزم لەو وڵاتە دادەنرێت. لەپێشدا ئەوان هیچ ترسێکیان نەبوو لەوەی کە پارتێکی ئیسلامی یاخود دژە ئایدۆلاژیای ئەوان لە هەڵبژاردنەکانی دەنگی زۆرینە بهێنێت و وڵات بەڕێوەببات، چونکە هەرکاتێك هەستیان بە مەترسی ئەو لایەنانە بکردایە ئەوا راستەوخۆ دەسەڵاتەکانی خۆیان بەکاردەهێنا بۆ پەکخستنی ئەو حکومەتە و بەئاشکرا و بە رۆژی روناك کودەتای سپیان بەسەر ئەو حکومەتە ئەنجام دەدا و سەرکردەکانی ئەو پارتانەشیان لە کاری سیاسی دەخست.
دامەزراوە سیکۆلارەکانی تورکیا کە خۆی لە سوپا و دەسەڵاتی دادوەری دەبینێتەوە لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری (CHP) لە مێژووی خۆیاندا رووبەڕووی هەزەی سیاسی هاوشێوەی ئەو گۆڕانکاریە دەستوریانە نەبۆتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە حکومەتی (AKP) توانی ئەو (٢٧) بڕگەی دەستور کە گۆڕانکاری تێدا کردووە تێپەڕێنێت. سیکۆلارە توندڕەوەکانی تورکیا تەواو دەرکیان بەوە کردووە کە ئەگەر ئەو پرۆپۆزەڵەی حکومەت بەتەواوی پەسەند بکرێت ئەوا سەردەمی زێڕینی ئەوان لە تورکیا بەسەردەچێت و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە کودەتای سپی دەکەن بەسەر حکومەتەوە. ئەو پرۆپۆزەڵەی حکومەت پێویستی بەوە هەیە کە لە ریفراندۆمی (١٢ی ئەیلول) لەلایەن زیاتر لە نیوەی هاوڵاتیانەوە بە (بەڵێ) دەنگی بۆ بدرێت. تەواوی ئەو بڕگانەی کە دەستکاری کراون بریتین لە (٢٧) بڕگەی دەستور، کە هەموویان دوای گفتوگۆی توندی پەرلەمانتاران بۆ ماوەی (١٣٤) کاتژمێر تێپەڕێنراون. لە ئێستادا لە تورکیا گرژیەکی سیاسی ئاشکرا بەدی دەکرێت لە لایەن حکومەتی (AKP) لەلایەك و هەردوو پارتی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن (CHP) و (MHP)، کە یەکەمیان پارتێکی سیکۆلاری پرۆ سوپایە و ئەوەی تریشیان پارتێکی نەتەوەپەرستە و لەپێشدا روبەڕووی سزای دامەزراوەی سیکۆلاری ئەم وڵاتە بۆتەوە، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندی سیاسی چاوپۆشی لە مێژوو دەکات و خۆی وەك هاوپەیمانێکی سوپا و (CHP) نیشان دەدات.

### گۆڕانکارییە دەستوریەکان چین؟

لەنێو ئەو بڕگانەی دەستور کە گۆڕانکاری تێدا دەکرێت زۆرترین جەدەل لەسەر چوار پرسی سەرەکی دەکرێت، کە ئەوانیش: یەکەمیان، دەسەڵاتی دادوەری و چۆنییەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی بۆردی دادوەرین، کە بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی لە دەستوردا کراوە هەریەك لە وەزیری داد و بریکارەکەی وەك ئەندامانی بۆردی دادوەری دەمێنێتەوە کە لە دەستوری کودەتای ساڵی (١٩٨٢) ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام هەریەك لە ئەنجوومەنی دادوەری ئەوروپا و کۆمسیۆنی ڤییەنا لە راپۆرتەکانیاندا دژایەتی خۆیان بۆ مانەوەی وەزیری داد و بریکارەکەی دەربڕیوە کە لەو بۆردە بمێننەوە، هەر لەو بڕگەیەدا هاتووە کە وەزیر بڕیار دەدات کە ئاخۆ لێپێچینەوە لەگەڵ قازی و دادوەران بکرێت. ئەم بڕگەیە جەدەلێکی زۆری لەنێو رۆژنامەنووس و رۆشنبرانی پرۆ حکومەت و پرۆ ئۆپۆزسیۆن دروست کردووە، بەوەی کە لایەنگرانی حکومەت ئاماژە بەوە دەکەن کە پێویستە حکومەت بڕیار بدات کە ئاخۆ ئەو کەسە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت یاخود نا، لەو لایشەوە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو بڕگەیە باس لەوە دەکەن کە ئەگەر وابێت ئەوا وەزیر دەتوانێت لێپیچینەوە لەگەڵ ئەو دادوەرانە رابگرێت کە لەخۆیەوە نزیکن و لای ئەو خۆشەویستن. بڕگەی (٢٣) تایبەتە بە دەسەڵاتی دادوەری. دووەمیان میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای دەستورییە کە پێکدێت لە (١٧) ئەندام، سێ لەوانە لەلایەن پەرلەمانە هەڵدەبژێردرێت بەپێی پرەنسیپی زۆرینە و، ئەو (١٤)ـەیەی کە دەمێننەوە لەلایەن سەرۆکەوە هەڵدەبژێردرێن و، (٤) لەوانە راستەوخۆ لەلایەن سەرۆکەوە هەڵدەبژێردرێت. (٣) ئەندامیش پێویستە لەلایەن کۆنسولی خوێندنی باڵاوە کاندید بکرێن، کە ئەو دامەزراوەیەش لەژێر کۆنترۆڵی حکومەت دایە، ئەمە لەگەڵ ئەو چوار ئەندامەی لەلایەن سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێن و (٣) ئەندامیش کە لەلایەن پارلەمانە دەستنیشان دەکرێن. کەواتە بەلای کەمەوە (١٠) لەو (١٧) ئەندامە (نزیك) دەبن لە حکومەتەوە، ئەمەش لەو گۆڕانکاریە دەستوریانەی ئەکەپە ئەنجامی داون و جەختیان لەسەر کراوەتەوە. سێیەمینیان: زیادکرنی

**لەنێو ئەو بڕگانەی دەستور کە گۆڕانکاری تێدا دەکرێت زۆرترین جەدەل لەسەر چوار پرسی سەرەکی دەکرێت، کە ئەوانیش: یەکەم، دەسەڵاتی دادوەری و چۆنییەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی بۆردی دادوەرین، دووەمیان میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای دەستورییە، سێیەمیش: زیادکرنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار، چوارەم جەدەلیترین بڕگەیش پەیوەستە بە میکانیزمی داخستنی پارتە سیاسییەکان.**

دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمارە، ئەو بڕگەیە زۆرترین رەخنەی لەلایەن ئۆزسیۆن و رۆژنامەنووسانەوە لێ گیراوە. پرۆ ئۆپۆزسیۆنەکانیش پێیان وایە کە (رەجەب تەیب ئەردۆگان) ئامادەکاری دەکات بۆ (سیستمی سەرۆکایەتی) بۆخۆی.

چوارەم جەدەلیترین بڕگەیش پەیوەستە بە میکانیزمی داخستنی پارتە سیاسییەکان، کە بەپێی رەشنووسی ئامادەکراوی گۆڕانکاری لە دەستور، ئەو پارتە سیاسییانەی کە ئامادەییان لە پەرلەمان هەیە کۆمسیۆنێك پێکدەهێنن کە هەریەك لەو پارتانە (٥) ئەندامیان دەبێت. هەر ئەو کۆمسیۆنە بڕیار دەدات کە ئاخۆ ئەو داوایەی بۆ داخستنی ئەو پارتە بەرزکراوەتە جێبەجێ بکرێت یاخود نا. بۆ تێپەڕاندنی ئەو پرسەش دەبێت دوو لەسەر سێی ئەو کۆمسیۆنە رازی بن. بۆ نموونە لە ئێستادا چوار پارتی سیاسی ئامادەییان لە پارلەمانی تورکیا هەیە، بۆیە کۆمسیۆنەکە لە (٢٠) ئەندام (٤×٥) پێکدێت. هەربۆیە بۆ داخستنی هەر پارتێك پێویستی بە چواردە (دوو لەسەر سێ)ی دەنگ دەبێت، ئەگەر ئەو رەشنووسە پەسەند بکرێت و، وا دابنێین ئەو پارتەی کەیسەکەی لەسەر بەرزکراوەتە ئامادەیی لە پارلەمان هەیە، ئەوا بێگومان هەر پێنج ئەندامەکەی لە دژی دەنگ دەدەن. بە مانایەکی تر ئەو پارتە (٥) دەنگ لەناو گیرفانی خۆیەتی، کە بەپێی ئەو فۆرمێلایە تەنها یەك دەنگ دەمێنێت بۆ راگرتنی ئەو داوایە، واتە (١٤ لەو ١٥) دەنگەی دەمێنێتەوە پێویستە بۆ داخستنی ئەو پارتە دەنگ بدەن، ئەگەر ئەو پارتە توانی تەنها دوو دەنگی لیستەکانی تر بەدەست بهێنێت ئەوا دەکەوێتە ناو بازنەی سەلامەتی و ترسی داخستنی لەسەر نامێنێت، بۆیە زۆر بەئاسانی دەتوانین هەست بەوە بکەین کە ئەو دوو دەنگە چەند بەنرخ دەبێت. بڕگەی ژمارە (٨) تایبەتە بە پرسی داخستنی پارتە سیاسییەکان و، ئەم بڕگەیەش پاڵپشتییەکی چاوەڕوان نەکراوی لەلایەن هەندێك لە پارلەمانتارانی (BDP) پێ بەخشرا، ئەو پارتەی کە بە درێژکراوەی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (DTP)ی داخراو دادەنرێت، ئەو پارتە (٢٠) نوێنەری لە پارلەمان هەیە.
شیاوی باسە لە (٥٥٠) کورسی پارلەمانی تورکیا، پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) خاوەنی (٣٣٦) کورسیە و، پارتی گەلی کۆماری (CHP) خاوەنی (٩٧) کورسیە و، بزووتنەوەی نەتەوەپەرست (MHP) خاوەنی (٦٩) کورسیە و، پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP) خاوەنی (٢٠) کورسیە و، پارتی چەپی دیموکرات (DSP) خاوەنی (٦) کورسیە و، سەربەخۆکانیش خاوەنی (١٢) کورسین.

### راپرسییەکان چی دەڵێن؟

بەپێی زۆربەی راپرسییەکان دەنگدان بە (بەڵێ) بۆ پاکێتی گۆڕانکاریە دەستوریەکان زۆر لەپێشەوەی دەنگدانە بە (نەخێر). یەکێك لەو راپرسییانە لەلایەن (سەنتەری میترۆپۆڵ بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی) ئەنجامدراوە کە بە یەکێك لە راستگۆترین دەزگاکانی راپرسی دادەنرێت لە تورکیا و، تیایدا پرسیار لە هاوڵاتیان کراوە کە ئایا بە (بەڵێ) یان (نەخێر) دەنگ بە پاکێتی گۆڕانکاریە دەستوریەکان دەدەیت؟ (٤٩,٦) بە (بەڵێ) دەنگیان داوە لە بەرامبەردا (٣٣,٦) وتیانە کە بە (نەخێر) دەنگ بەو پاکێتی گۆڕانکاریانە دەدەن. واش پێدەچێت کە پاڵپشتی بۆ گۆڕانکاریە دەستوریەکان زیاتر بێت لەسەر سندوقەکانی دەنگدان، چونکە (١٥٪)ی دەنگدەران وتیانە کە تائێستا بڕیاریان نەداوە کە بە (بەڵێ) یانیش (نەخێر) دەنگ بدەن.




پارتی داد و گەشپێدان (AKP) کە لەلایەن (رەجەب تەیب ئەردۆگان)ـە سەرۆکایەتی دەکرێت هیوا خوازبوو کە دەستوری ئێستای وڵات بەتەواوی بگۆڕێت کاتێك لە ساڵی (٢٠٠٢) هاتە سەر حوکم، لە ساڵی (٢٠٠٧) رەشنوسێکی دەستوری ئامادە کرد بۆ جێگرتنەوەی ئەم دەستورەی ئێستا بەڵام نەیتوانی ئۆپۆزسیۆن رازی بکات بۆ پاڵپشتی کردنی، لەجیاتی ئەوە ئەکەپە لیستێکی ئامادە کرد بۆ گۆڕانکاریکردنی چەند بڕگەیەکی ئەم دەستورەی ئێستا لە نێویشاندا ئەم بڕگانەی کە زۆرترین کێشە و جەدەلیان لەسەرە، ئەم گۆڕانکاریانەش بڕیاروایە لە (١٢ی ئەیلول) بخرێتە ریفراندۆمی گشتییەوە.
ئەم دەستورەی ئێستا لە ساڵی (١٩٨٢) خراوەتە ریفراندۆم دوای کودەتایەکی سەربازی، دوو ساڵ پێشتر واتە لە (١٩٨٠) رەشنووسی ئەم دەستورە زۆر بەتووندی لەلایەن رای گشتی و رۆشنبیرانەوە رەخنەی لێگیرا، هەروەك بەپێی وتەی بەرپرسیانی ئەکەپە و لیبراڵەکانی وڵات ئەم دەستورە لەگەڵ پێویستەکانی ئەم سەردەمە و ئازادی گشتی یەکانگیر نییە.
بەپێی ئەنجامی راپرسیەکەی میترۆپۆول دەرکەوتووە کە (٥,٥٪)ی ژمارەی ئەوانە زیادی کردووە کە بە (بەڵێ) لە بەرژەوەندی گۆڕانکاریە دەستوریەکان دەنگ دەدەن بە بەراورد لەگەڵ راپرسی هەمان دەزگا مانگێك پێش ئێستا، ئەمەش بەڕای چاودێران بۆ هەڵویستە بوێرەکانی سەرۆك وەزیران ئەردۆگان دەگەڕێتە لە بەرامبەر دامەزراوەی سەربازی وڵات لە کۆبوونەوەی دوو هەفتە پێش ئێستای لەگەڵیاندا.
هەر ئەم دەزگایە راپرسییەکی ئەنجامداوە لەنێو جەماوەری پارتە سیاسییەکان، کە دەرکەوتووە بەشێك لە هەوادارانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، پارتی گەلی کۆماری (CHP) و، بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (MHP) و پارتی ئاشتی و دیموکراتی کوردی (BDP) کە زۆر بەتوندی لە دژی ئەم گۆڕانکاریانە وەستاونەوە لە بەرژەوەندی گۆڕانکاریە دەستوریەکان دەنگ دەدەن. بەپێی راپرسییەکە (٣٨,٧٪)ی جەماوەری بزووتنەوەی نەتەوەپەرست لە بەرژەوەندی پاکێتی گۆڕانکاریەکان دەنگ دەدەن، هەورەها (٦٤٪)ی هەواداری پارتی ئاشتی و دیموکراسی کوردی لە بەرژوەندی ئەم گۆڕانکاریە دەستوریانە دەنگ دەدەن.
جێگای باسە بە هەردوو باردا واتە ئەگەر پاکێتی گۆرانکارییە دەستوریەکان بە (بەڵێ) یان (نەخێر) تێپەڕێنرێت ئەوا تورکیا پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە، بەتایبەت ئەگەر بە (بەڵێ) دەنگ بدرێت، واتە گۆڕانکاریەکان بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنرێن ئەوا تورکیا چەند هەنگاوێك نزیك دەبێتە لە بەئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوروپا، چونکە بەشێکی زۆری داواکاریەکانی کۆمسیاری ئەوروپی بۆ ئەندامبوونی تورکیا لەم یەکێتییەوە بەندە بەم گۆرنکارییە دەستوریانەوە.



لە ١٢ی ئەیلوول، شەقامی تورکیا پاکێتی گۆڕانکاریە دەستوریەکان یەکلایی دەکاتەوە
فۆتۆگرافەر: عەبدوڵڵا حەوێز